بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە

بڕیار

ژمارە (2) ساڵی 2008

**یاسای کارپێکردنی یاسای فیدراڵی هاتوچۆی ژمارە(86)ی ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (34) لە12 /2007/12 بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە( 36 )ی ساڵی / 2007**
**یاسای کارپێکردنی یاسای فیدراڵی هاتوچۆی ژمارە(86)ی ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

ماددەی یەکەم:

یاسای فیدراڵی هاتوچۆی ژمارە(86)ی ساڵی 2004 لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق دەخرێتەکارو کار بە حوکمەکانی دەکرێ.

ماددەی دووەم:

دەسەڵاتە تایبەتمەندەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراقدا شوێنی دەسەڵاتە فیدراڵیەکان لە هەر جێیەك لە یاسای ناوبراودا هاتبێ دەگرنەوە.

**ماددەی سێیەم:**

یاسای ڕێکخستنی غەرامەکانی هاتوچۆی ژمارە (4)ی ساڵی 2000 و یاسای ژمارە (27)ی ساڵی 2004 کە لە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیرقەوە دەرچوون، هەڵدەوەشێنەوە.

**ماددەی چوارەم:**

وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاساییەدا ناکۆك بێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە دوای تێپەربوونی سیی ڕۆژ بە سەر بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق**

**هەولێر**

27/**بەفرانبار**/ 2707 **کوردی**

17/**کانوونی دووەم** / 2008 **زایینی**

9 /**موحەڕەم**/ 1429 **کۆچی**

## ـ هۆیە پێویستیەکان ـ

بەمەبەستی یەکخستنی ڕێکارە یاساییەکان لە بارەی یاساو ڕێسای هاتووچۆ و غەرامەکان لە کوردستان و وای لێ بکرێ گونجاو بێت لەگەڵ ئەوەی لە حکومەتی فیدراڵ کاری پێ دەکرێ و بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای هاتووچۆی ژمارە (48)ی ساڵی 1971و هەموارکراوەکانی و لە پێناوی پێدانی شەرعییەت بەجێبەجێ کردنی یاسای ژمارە(86)ی ساڵی 2004 لە جیاتی هەموو یاسا جێبەجێ کراوەکان لە هەرێمدا لە بارەیەوە،ئەم یاسایە دەرچوێنرا.